سەماحەتی حەکیم پێشوازی لە کارگێڕی کارەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا دەکات و خواستی عێراق سەبارەت بە دروستکردنی پێیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ پاراستنی سەروەری دووپات دەکاتەوە



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە کارگێری کارەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کرد، لەم دیدارە باس لە دۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە و پێیوەندی دوو قۆڵی نێوان عێراق و وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناوچەکە کرا، هەردوولا بیرو ڕایان ئاڵوگێڕ کرد سەبارەت چەند دەسێك کە بایەخی هاوبەشی لای هەردوولا هەبوو.

سەماحەتی حەکیم لەم چاوپێکەوتنە باسی پێگەی مێژوویی عێراق و ڕۆڵی شارستانی قووڵی کرد بەو سیفەتەی یەکێکە لە کۆنترین شارستانیەکانی مرۆڤایەتی و ئاماژەی کرد کە عێراق پێی باشە پێیوەندی تێکەڵی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان هەبێت، کە لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێزگرتنی سەروەری بێت، بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و پاریزگاری لە سەربەخۆیی بەیاری بکات.

هەروەها بەڕێز حەکیم سروشتی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی ڕوونکردەوە کە لەعیراقدا ڕوودەدەن و ئاماژەی بەبەرەو پێشچوونەکانی پتەوکردنی سیستمی دێموکراسی و هەوڵەکانی وڵات بە گواستنەوە لەقۆناغی سەقامگیریی کاتییەوە بە سەقامگیریی بەردەوام کردەوە هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە بە چوارگۆشەی یەکەم نەگەڕێینەوە...

لەکۆتاییدا سەبارەت بە داهاتووی سیاسی، بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر گرنگی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کردەوە و بە خاڵی دەرپەڕینی بەرەو قۆناغێکی باشتر لە ڕووی سەقامگیری وەسفکرد و داوای بەشداری بەرفراوانی هەموو هاوڵاتیانی کرد.